# ئەگەر دەسەڵاتی کوردی ڕێگام لێنەگرێ

# پەلاماری ئەو سەگە دەدەم




ئەو سەگەی کە ساڵەهای ساڵە خۆی بەشێر بەخەڵک ناساندووەو ڕۆژ بەڕۆژ خاکی کوردستان داگیر دەکات و کەڵپی بەخوێنی ڕۆڵەکانمان سور دەکات، گرۆڵەی کەوتۆتە لێژی و کاتی ئەوە هاتوە کورد تۆڵەی خۆی لێبکاتەوە.

http://www.youtube.com/watch?v=t_ZAvh00uqA

ئێمە پێمان وایە، دەبێ لەکاتی خۆیدا تفەنگی سیاسی و لەشکری بتەقێنین، ڕژێمی سوریا لەبەردەمی کۆمەڵگای نێونەتەوەیی ڕەش بووە و کاتی ئەوە هاتوە کورد ببێتە کارتێکی سیاسی و لەشکری لەبەرانبەر بە ڕژێمی سوریادا.

ئەوەی ئێمە دەیبینین دەسەڵاتی خوارووی کوردستان، هەڵوێستێکی لاوازی هەیە لەبەرانبەر پێشێلکاریەکانی ڕژێمی سوری بەرانبەر بە کورد، ئێمەش وەک دەنگی نەتەوەیی بەدەسەڵاتی کوردی دەڵێن ئەگەر لەبەر هەر هۆکارێک بێت کە ئێوە بۆخۆتان ناتوانن بجولێن،

ڕێگا لە ئێمە مەگرن، ئێمە دەگەڕێینەوەو لە چەند حەفتەیەکدا لەشکرێکی نەتەوەیی دروست دەکەین و بەرەو سنوری رۆژئاوی کوردستان بەرێ دەکەوین، دڵنیاتان دەکەین کە کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەو کارە دڵگران نابێ لەشکری دەوڵەتی سوری خۆمان بۆ ناگرێت و کورد دەبێتە هەوێنی گۆڕانکاری بارودۆخەکە.

ئێمە داوای گۆڕانکاری جوغرافیاو دابەشکرانی سوریا دەکەین، داوا لەدەسەڵاتی کوردی دەکەین کە نەبنە ڕێگر لێمان و کێشەمان بۆ دروست نەکەن، چونکە ئێمە بۆ شەڕی ڕژێمی سوریا دەگەڕێینەوە نەک بۆ شەڕی خۆبەخۆ، خۆ ئەگەر هاوکاری ژێر پەردەشمان بکەن، ئەوا ئەرکێکی نەتەوەییەوەو سوپاسیان دەکەن.

بۆخۆمان وەک سەرلەشکرێک پێش لەشکرەکە دەکەوین و خوێنی خۆمان لەخوێنی کوردێکی شۆڕشگێر جیا ناکەینەوە، دەوەرن با هەموان مەشخەڵی شۆرشگێری کوردایەتی بەرز بکەینەوە هیچی تر نانی ژێردەستەیی نەخۆین.

بۆ دڵنیا بونمان لە هاوکاری دەسەڵاتی کوردی، دوا دەکەین لەسەرەتادا بۆ دوو حەفتە دەرگای میدیاو ڕادوێ و تەفزوێنەکانمان بۆ بکەنەوە بۆ بانگەوازی دروستکردنی لەشکرێکی نەتەوەیی، خۆ ئەگەر ئەوەش نەکەن مانای ئەوەیە خۆشحاڵ نین بەو بانگەوازەی من و ڕێگا نادەن ئێمە پەلاماری لەشکری سوری بدەین.

سەردار پشدەری

لەندەن ١٠ – ١٠ – ٢٠١١

http://www.kurd-oil.net